# "ئیراده"یاخیبوونه له چوارچێوەکان
# گەلۆ ژنی کورد خاوەنی ئیرادەن؟

مەهاباد قەرەداغی

## چەمکی ئیرادە



"ئیرادە" کە بەرامبەر بە دەستەواژەی "ویست"ی کوردی دێت، چەمکێکی فرەڕەهەندە و لەناو زانستەمرۆییەکانیشدا بەکارهێنانێکی بەرفراوانی هەیە. لە دەروونناسیدا بە تایبەتی لەم سیفەتەدا هێڵی سەرەکی کەسایەتی مرۆڤ بەرجەستە دەکات، چونکە یەکێکە لە بنەڕەتیترین و بەهێزترین پایەکانی بونیادی کەسایەتی مرۆڤ.

مرۆڤ کە ویستی هەبێ دەتوانێت کار ئەنجام بدات. ویستن و توانین لە تەواوکردنی یەکتریدا ڕۆڵی کارا دەبینن و هاوکات یەکتری بەرهەم دەهێننەوە. ویستن هەمیشە توانینیشە. ئەگەر بتەوێ دەتوانی، ئەگەر توانیشت دووبارە دەتەوێ و دیسانەوە دەتوانی، بەم شێوەیە ویست و توانا دەبن بە میکانیزمێکی بازنەیی کارا و، بە شێوەیەکی دینامیکیانە و سیستەماتیکییانە ژیانی مرۆڤی خاوەن ویست و توانا، هەڵدەسوڕێنن.

کار و کارامەیی مرۆڤ، ئیدی ژن بێ یان پیاو لەو وزە دەروونییەوە سەرچاوە دەگرێت کە ناوی "ویست" مان لێ ناوە، بەڵام نەک ئەو کارانەی کەبەزۆر بە مرۆڤ دەکرێن و مرۆڤ بە ناچاری و ڕۆبۆت ئاسا بە ئەنجامیان دەگەیەنێت، بەڵکە ئەو کارانەی کە مرۆڤ خۆی هەڵیاندەبژێرێت و بە تەواوی ئارەزوو و ویستی خۆی ئامادەی ئەنجامدانیانە و ئامانجێکی گەشەپێدەرانەی هەیە و بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی ئەنجامیان دەدات. ئەو ئامانجەش "خۆسەلماندن" ە.
مرۆڤ سەرەتا بە هەبوونی ئەو وزە دەروونییە، واتە بە هەبوونی "ویست"، ئینجا بە خستنەگەڕی ئەو وزەیە، واتە دەرخستنی تواناییەکانی و ئەنجامدانی ئەو ئامانجەی کە وزە دەروونییەکەی بۆ کارا کردبوو، لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و لە پەیوەندییەکی بەردەوامی نێوان خود و کۆمەڵگەدا دەتوانێت بەرهەمی ئەو ویستە بەدەست بهێنێت، واتە خۆی بسەلمێنێت.

خۆسەلماندن دواپلە نییە لە پەیژەی کەسایەتیدا، بەڵکە بەردەوامیدان بەو خۆسەلماندنە جۆرێک دڵنیایی دەستەبەر دەکات بۆ مرۆڤی خۆسەلماندوو. چۆن دەتوانین وەک کەسێکی خۆسەلماندوو دڵنیابین لەوەی ئەو پلەیەی کە لە کەسایەتی و لە ژیاندا بەدەستمان هێناوە بە پارێزراوی بهێڵینەوە و چۆن گەرەنتی مانەوەی دۆخی خۆسەلماندن بکەین؟ بە بڕوای من مرۆڤ تەنها بە تێپەڕاندنی خود و تێپەڕاندنی دۆخی خۆسەلماندن دەتوانێت گەرەنتی ئەوە بکات کە ئیدی ئەو کەسێکە خەتەر لەسەر پلەی خۆسەلماندنی نییە و، ئیدی پایەکانی ئەو پەیژەیە لە سەر زەمینێکی تەختدا سەقامگیر بووە و مەترسی بەربوونەوەی نییە.

هەبوونی "ویست" دەروونی مرۆڤ ئاواڵا دەکاتەوە و مرۆڤێکی دەروونئاوەڵاش "بڕیاردان"ی لا ئاسانە و، لە نێوان ئەڵتەرناتیڤی هەمەجۆردا دەتوانێت لە "هەڵبژاردن"ێکی عەقلانیدا ئەو ئەرکەیان هەڵبژێرێ و بگرێتە ئەستۆ کە لە سەلماندنی خود نزیکی دەکاتەوە و، هاوکات ئامانجێکی مرۆیانەش بۆ سوودگەیاندنێکی گشتی لە پشت بیرکردنەوەکانێتی. بیرمان نەچێت کەمرۆڤ دەتوانێت لە بوارێکی

نامرۆڤانەشدا خۆی بسەلمێنێت، بەڵام خۆسەلماندن تەنها لە ئاقارێکی مرۆڤانە و بە ئاراستەیەکی مرۆڤدۆستانە دەتوانێت پۆزەتیڤ بێت.

## "ویست"ی ژنی کورد:

ئایا ژنی کورد توانیویەتی خاەنی ویستی خۆی بێت؟ وەڵامێکی سانا و کورت و کۆنکرێت بۆ ئەم پرسیارە سەختە ڕەنگە بە یەک وشەی سادە بدرێتەوە و بوترێت "نەخێر". بەڵام ئەم وەڵامە دەبێتە وەڵامێکی سەرپێی و ڕەها و ناڕەوا ئەگەر لە سۆنگەی ئەو بێ ویستی و کەمداخوازییەی ژنی کورد نەکۆڵینەوە. ئێمەلە شیکردنەوەی ئەو بەرسڤە نەرێتی و نێگەتیڤەدا دەتوانین برێک لەو فاکتەرانە بەیان بکەین کە "بێ ویستی" ی ژنی کورد دەخەنە ڕوو، هەروەها ئەو زەمینە ناساز و بارودۆخە دژوار و بێدەرفەتانەش بۆ وی لە بیر نەکەین و بیخەینە ڕوو.

وەک پێشتریش باسم کرد، "ویست" پێش هەر شتێکی تر وزەیەکی دەروونییە، وزەی دەروونییش کاتێ دروست دەبێت کە مرۆ توانیبێتی ئەو سنوورانە تێبپەڕێنێ کە هێزێکی دەرەکی و نامۆ چوارچێوەی بۆ دروست کردووە و "خود"ی ئەوی تێ ترنجاندووە. مرۆڤ قەت ناتوانێ لە ناو چوارچێوەکاندا خۆی بسەلمێنێ، تەنها بە شکاندنی ئەو چوارچێوانە و لەدەرەوەی ئەواندا ئەگەری خۆسەلماندن هەیە، بە مەرجێ مرۆڤ خاوەنی ئەو وزە دەروونییەش بێت. لەم دۆخەشدا ئەوەی کە یەکەم چرکە بە بیردا دەگوزەرێ "یاخیبوون"ە، واتە ئامادەیی تەواوت هەبێ بۆ "یاخیبوون" لەو چوارچێوانە و، ئامادەیی تەواوت هەبێت بۆ دانی هەر باجێک لە ئەنجامی ئەو یاخیبوونە. بەڵام یاخیبوونیش هەر وا شتێکی سانا نییە هەر ئافرەتێ بیتوانێت، بە تایبەت لەو کۆمەڵگانەدا کە نێرسالاری هەژموونێکی تەواوی بەسەر هەموو بار و بوارەکاندا هەبێت و هەموو دەستکەوت و دەسەڵاتەکانی کۆمەڵگەی قۆرخ کردبێت. لێ لەم دۆخەشدا ئەگەر ویستی یاخیبوون و وزەی دەروونی بۆ شکاندنی چوارچێوە و بەربەستەکان هەبێت، ژن دەتوانێت داخوازییەکانی بێ شەرمکردن و سڵکردنەوە بخاتە ڕوو، شێلگیرانەش خەبات بۆ بەدیهێنانیان بکات.

مرۆڤی کورد، بە ژن و بە پیاوەوە نەک لەناو یەک تاقە چوارچێوەدا، بەڵکە لەناو چوارچێوەگەلێکدا ترنجێنراون کە تەنانەت لە دروستکردنی چوارچێوەکانیشدا خۆیان پاسیڤ بوون. هەندێ چوارچێوە مرۆڤ خۆی بۆ خۆی دروستی دەکات، هەندێکی تر خۆی بێدەسەڵاتە لە دروستبوونیدا و تەنها کاتێک دەزانێت تیایدا دیلکراوە و ئەمیش بووەتە وێنەیەکی نەبزواو لەناویدا. لە دۆخی مرۆڤی کورددا ئەم جۆرە چوارچێوانەی کە دەستکردنی بارودۆخی سیاسی بوون و داگیرکەرەکانی بۆیان بەکرد داوە، زۆرن و بەردەوام گیرۆدەن و جوڵە و چالاکی فیکر و هۆش و ئاوەزی سنووردار کردوون. چوارچێوە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانیش کە لە بۆتەی داب و نەریت و ڕێساکاندا چەسپاون و بەسەرداسەپاون، بازنەیەکی تری گەمارۆن کە دەوری دەروونی مرۆڤی کوردیان داوە. هەموو ئەمانەش بوونەتە پێکهێنەری تێڕوانینێکی بەرتەسک و مرۆڤبینی کۆمەڵگەیان لەسەر بنیات نراوە، کە ڕوانگەیەکی باوکسالاری ڕەهایە و گەشەی کۆمەڵگە بە گشتی و، گەشەی کەسایەتی توخمی مێینە بە تایبەتی، دوادەخات.

پێش ئەوەی لە "ویست"ی ژنی کورد بدوێم، ڕۆشنایەک دەخەمە سەر "ویست"ی پیاوی کورد و و ئەو ئامادەییە پاسیڤەی لەناو ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتی و کلتوورییە بۆکراوو و بەسەرداسەپێنراوانەیاندا. پیاوی کورد بە گشتی ((نەک وەک چەند دانەیەکی ڕیزپەڕ و جیاواز))، ویستی خۆدەربازکردنیان لەو چوارچێوانە هێندە لاواز بووە، کە دەکرێ بە نرخی نەبوو بژمێردرێت،

بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونە ئەو تێڕوانینەیە کە بەرامبەر بە ئافرەت و پەیوەندییەکانی نێر و مێ هەیەتی و چەند سەدەیەکە گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە.
کۆمەڵگەی کورد لە باشووری کوردستان لە ڕووی سیاسییەوە دەستکەوتەکانی دیار و بەرچاون، ئەمەش ئەنجامی ئەو ئیرادە سیاسییە بووە کە بە درێژایی سەدەیەک و لە چەندان شۆڕش و ڕاپەڕین، بۆ دەرباز بوون لە چوارچێوە دوژمنکردەکان نواندویەتی و، ئەوەتا ئەمڕۆ بە دەستکەوتەکانی بەهرەمەندین. بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کلتوورییەوە دەتوانین نموونەیەکی زۆر دیار و ناسراو باس بکەین و بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەمڕۆ. ئەحمەدی خانی لە داستانی مەم و زین دا تێڕوانینی کۆمەڵگەی کوردستانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە بەرامبەر بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. لە چوارسەد ساڵ بەر لە ئێستاوە هەمان تێڕوانینی باو پیادە دەکرێت و دیوارەکانی نێوان نێر و مێی مرۆڤی کورد بڵند دەکاتەوە. ئەوساش وەک ئێستا ئافرەت لەناو ئەو چوارچێوانەدا دیل بووە کە داب و نەریت و ڕێساکانی سیستەمی خێڵ دروستی کردوون و پەیوەندی نێوان نێر و مێی بە تابووی گەورە ڕیزبەند کردووە و ئافرەت تەنها وەک شوێنێک بۆ پاراستنی شەرەفی بنەماڵە دەبینێ. دەبینین ئەمڕۆش و دوای چوارسەد ساڵ هەمان تێڕوانین زاڵە و، ژن بە هەمان شێوە بەهۆی ئەو پێناسەیەوە کە بۆ جەستەی کراوە، بە بێ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی و زیندوێتی فیکر و دەروونی، دەیان چوارچێوەی توندی بۆ بەکرد دراوە.
لە کوردستاندا ئێستا و لەم سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم و هەزارەی سێیەمەدا، بەهۆی گەمارۆی ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتی و کلتوورییانەوە ساڵانە چەند هەزارێکی بە پاساوی پاراستنی شەرەفی بنەماڵە دەکوژرێن، چەند هەزارێکی تری بەهۆی فشاری بنەماڵە و کۆمەڵگەوە خۆ دەسوتێنن، سەدان هەزاری بەهۆی ئەو چوارچێوانەوە لە سووچی ماڵەکاندان و لە خوێندەواری و هۆشیاری بێبەش کراون. هەزارانیان بەهۆی گەمارۆی ئەو چوارچێوانەوە خۆیان لە بنی چارشێو (حیجاب) شاردۆتەوە و ئۆکسجینی پێویستیان بەرناکەوێت.
بەرامبەر ئەم هەزارانەش، هەزاران ئافرەتی تر هەن کە لە زانکۆکاندا دەخوێنن، فەرمانبەر و کارمەندن، دکتۆر و ئەندازیار و مامۆستا و کرێکارن، بەڵام هەموو ئەمانەش لە ناو چوارچێوەکان دەرباز نەبوون و هەمان پێوەری ڕابردوو لە نێو خێزان و لە کۆمەڵگەدا بۆ هەڵسەنگاندنیان بەکار دەبرێت.
کەواتە دەتوانین لە وەڵامی پرسیاری "ئایا پیاوی کورد خاوەنی ئیرادەن؟" هەمان وەڵام بدەینەوە و بڵێین نەخێر، چونکە چوارچێوە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان وەکو خۆیان ماون و گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە. نە خۆیان خاوەنی ئەو ئیرادەیەن کە گۆڕان بەسەر ئەو تێڕوانینە باو و سەپاوەدا بهێنن، نەش ڕێگە دەدەن ژن ئەو هەنگاوە هەڵبگرێت. کۆمەڵگە و تێڕوانینە سەپاوەکان تەنها بە ئیرادەی ژن و پیاوی کورد دەگۆڕێت. ئەگەر ئەو ئیرادەیە نەبێت تەنانەت شۆڕشیش ناتوانێت بارودۆخێکی دەقگرتوو بگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی پێشکەوتووتر.
شۆڕش کە هەڵدەگیرسێ بۆ ئەوەیە کە لە ئەنجامی پرۆسەیەکی چڕی خەبات و تێکۆشاندا کۆتایی بە بارێک بهێنێ کە خوارە و بە دۆخێک کە نائاساییە. بە کۆنکرێتیش بگوترێت، شۆڕش بۆ گۆڕانە، گۆڕانێکی بنەڕەتی.
- ئایا شۆڕشەکانی ئێمە"بە سەرکەوتووەکانیشییەوە" جگە لە گۆڕانێکی خۆڕسکی سیاسی، گۆڕانێکی بنەڕەتییان لە سەرخان و ژێرخانی سەروژێرکراوی کۆمەڵگەی کورد هێنایە کایەوە؟ ئایا ناوەڕۆک و ڕوخساری کولتووریان گۆڕی یان جگە لە هەندێ گۆڕانی ڕووکەش، گۆڕانێکی گرنگ کە بە گۆڕانی ڕیشەیی ناوی ببەین، هاتە دی؟ ئەوەی مەبەست بێ تیشکی بخەمە سەر پرسی "ویست"ی پیاوی کوردە بۆ یاخیبوون لە چوارچێوەکان. چونکە ئەگەر ڕۆشنایەکی وا لەسەر پیاوی کورد نەبێت، ئاسان نییە

له "ویست" ی ژنی کورد بدوێم، که مرۆڤێکه سەرباری ئەو چوارچێوانە، لەناو چوارچێوەی پیاوکردیشدا وێنەیەکی نەبزوواوە.

لەناو ئەو چوارچێوانەوە کە تیشکیان خرایە سەر، پیاوی کورد بەردەوام چوارچێوەی تر بۆ خۆی و بۆ ژن چێ دەکات. ئەوانەی کە بۆ خۆی دروستیان دەکات تا رادەیەک و بە رێژەیی لەو چوارچێوانە رەنگینتر و فراوانترن کە بۆ ژنیان دروست دەکات. لەناو چوارچێوەکانی خۆیدا بوارێک بۆ خۆسەلماندن ماوەتەوە، ئەگەرچی ئەو خۆسەلماندنە درۆنگانەیە"وەهمی"یە. بەڵام ئەو چوارچێوانەی کە بۆ ژن دروستی کردوون، هێندە تەنگ و تاریکن، کە بوارێک بۆ رووناکی و بۆ بزووتنەوەی تێدا بەدی ناکرێت. کە بواری بزووتنەوەش نەبێت، خۆسەلماندن "تەنانەت خۆسەلماندنی درۆنگانەش" دەبێتە مەحاڵ. تەنگترین و ترسناکترین چوارچێوەش کە بۆ ژن دروست دەکرێت، نەک لە کۆمەڵگەی کورد بەڵکە لە زۆربەی کۆمەڵگە نەریتییەکاندا، چوارچێوەی رەوشتە. رەوشت نەک بە مانا زانستیی و فەلسەفییەکەی، بەڵکە بە مانا نازانستی و نەریتییەکەی، کە ئیدی جەستەی ژن و بە تایبەت ئۆرگانی سێکسی ژن دەبێت بە پێناسەیەکی ترسناک بۆ رەوشت.

- ئایا ژنی کورد دەتوانێت ببێتە خاوەنی ئەو وزە دەروونییەی کە تەیاری کات بۆ یاخیبوون لەو چوارچێوانەی کە سەرەتا وەک کوردێک و ئینجا وەک ژنێک تێی ترنجێنراوە؟
- ئایا کە خودی پیاوی کورد خاوەنی ئەو وزە دەروونییە نەبن و چوارچێوەکانیان نەشکاندبێ، ژنی کورد دەتوانێت بیانشکێنێت؟

دیسانەوە چەنپاتەی دەکەمەوە، ئیرادە وزەی دەروونییە. وزەی دەروونیش بەشێکی لە سروشتی مرۆڤانەی تاکەکاندا و، بەشێکی تریشی بەندە بە بارودۆخ و ژینگەوە. بارودۆخ و ژینگەی مرۆڤی کورد ئەوەندە تەندروست نەبووە بۆ ئەوەی لە دروستکردنی ئەو وزەیەیدا رۆڵێکی بەرچاو ببینێت، بەڵام ئەو بەشەی کە پەیوەستە بە خود و سروشتی مرۆڤانەیەوە سەرچاوەیەکی شاراوە و پەی پێنەبراوە و هێشتا نەیبزواندووە.

ئەو بەشەی کە پەیوەندی بە سروشتی مرۆڤەوە هەیە، وام لێ دەکات گەشبین بم بەوەی کە ئەگەرچی بارودۆخ و ژینگەش هاوکار نەبن، مرۆڤ بتوانێ سەرچاوەی ئەو وزەیەی خۆی بدۆزێتەوە و هێزی بەرەنگاربوونەوەی بەربەستەکانی تێدا دروست بکات. چ پیاوی کورد و چ ژنی کورد، چ وەک کەسی جیا لە یەک و سەربەخۆ و، چ پێکەوە و بە هاوبەشی دەتوانن لە دۆزینەوەی "ویست"ەکانیان و بوون بە خاوەنی "ویست" ەکانیان کارا و هاوکار بن. جەوهەری ئەو دۆزینەوەیەش بە بۆچوونی من لەو ئامادەییەوە سەرچاوە دەگرێت کە بۆ "یاخیبوون" بەکاریان دەبەین. تەنها یاخیبوون لە چوارچێوەکان و ئامادەبوون بۆ باجدان لە ئەنجامی ئەو یاخیبوونە دەتوانێ لەوە نزیکمان بخاتەوە کە خاوەنی ئیرادە بین.

<u>ئەنجام:</u>

1. ئیرادە یاخیبوونە لە چوارچێوەکان، ئامادەبوونە بۆ قوربانی و باجدان لە ئەنجامی ئەو یاخیبوونە. ویستن توانینە، توانایی و ویست هەمیشە لەبەرهەمهێنانەوەی یەکتریدا کاران. ئەمانەش هەبوونیان مرۆڤ دەگەیەنێتە جەوهەری خود و، خۆسەلماندن دەکاتە ئامانج. بۆ ئەوەشی دۆخی خۆسەلماندن بپارێزرێت و دڵنیابین لە بەردەوامییەکەی، پێویستە خود تێپەڕێنین و دۆخی خۆسەلماندن تێپەڕێنین. هەموو ئەو چوارچێوانە تێپەڕێنین کە

**بەسەرداسەپێنراون و، خۆشمان چوارچێوەی تر بۆ خۆمان نەکەین بە بەربەست. مرۆڤ تەنها بە ئازادی دەتوانین سوود لە ئیرادە وەربگرێت و، بیکاتە میکانیزمی خۆسەلماندن.**

2. **ژنی کورد خاوەنی ویست نییە بۆ خستنەگەڕی توانایی و تواناکارییەکانی دەروونی خۆی. تا ئەم ساتەش ئامادەی یاخیبوون نەبووە و نییە لەو چوارچێوانەی کە وەک مرۆڤێکی کورد و وەک ژنێکیش بۆی دروستکراون و بەسەریدا سەپێنراون و تێی ترنجێنراون. پیاوی کوردیش، سەرەڕای هەموو بزوتنەوە و شۆڕشەکانی کە هەڵیانگیرساندوون نەیانتوانیوە لەو چوارچێوانە یاخی بن کە بارودۆخی سیاسی و فاکتەری مێژوویی و جوگرافیایی بۆیان کێشاوە و، داگیرکەرەکانی کوردستان کوردیان تێ ترنجاندووە. کەواتە پیاوی کورد، سیفەتی یاخیبوونی تیا نەبووە و، بەڵکە لەناو چوارچێوەکاندا درێژەی بە "بێ ویستیی" داوە، بەڵکە لەناو ئەوانەشدا چوارچێوەی تری بۆ خۆی و بۆ ژنانی کۆمەڵگەکەی خوڵقاندووە.**

3. **ئەگەرچی بارودۆخ و ژینگە و فاکتەرە دەرەکییەکان ڕۆڵی گرنگ دەبینن بۆ ئافراندنی کەشی خۆدۆزینەوە و خستنەگەڕی وزە دەروونییەکان، بەڵام لە ناوخۆی مرۆڤدا و وەک سروشتی دەروونی مرۆڤانە وزەیەکی حەشاردراو هەیە و، دەکرێ لەگەڵ ناڵەباری بارودۆخ و هەبوونی بەربەستەکانیشدا بخرێنە گەڕ. بۆیە هەمیشە مرۆڤ خۆی دەتوانێ بزوێنەری ئەو وزەیە بێت و ئاراستەکاری بێت.**

**دواوتە:**

"ئیرادە" یەکێکە لە پایە پتەوەکان و کۆڵەکە سەرەکییەکانی کەسایەتی مرۆڤ. وەک تاک هەبوونی ئەم کۆڵەکەیە پێویستە بۆ گەیاندنی مرۆڤ بە جەوهەری بونیادی خۆی و کردنی بە کەسایەتییەک. وەک نەتەوە، هەبوونی ئەم کۆڵەکەیە چارەنووسسازە لە گەیاندنی بە قەوارەیەکی تایبەتی و بەرجەستە. ئێمە چ وەک ژن و پیاوی کورد و، چ وەک نەتەوەی کورد پێویستمان بەم کۆڵەکەیە هەیە بۆ ئەوەی بوونمان بسەلمێنێت، ئیرادە ناسنامە دروست دەکات.

***

کوردستان/هەولێر

**2006/10/13**